کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 22:45 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا



**لاواز بوون و نەمانی هەستی نەتەوایەتی لەناو گەنج و لاوانی گەلی کورد لە ناو هەرێمی کوردستان و بەرز کردنەوەی ئالای بەعسی رووخاو لە هەولێری پایتەختی شارکانی تری هەرێمی کوردستان ... سلێمان پشدەری**

شتێکی زۆر سەیر بوو لە کاتێکدا لە ناو کوردستاندا بە فەرمانی جەنابی سەرۆکی هەرێم ئالای عروبەی بەعس لە کوردستان قەدەغەکرا بەڵام هەمووومان بینیمان بە چاوی خۆمان لە سەر شاشەی کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان کاتێک هەڵبژاردەی عێراق لە سعودیەی بردەوە بۆ کێبرکێی یەکەمی کاسی ئاسیا لە شارەکانی کوردستان مەخابن بەتایبەتی لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستان و شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی ئالای عروبەی بەعس چاوی کوێر دەکرد و بگرە لەسەر دەم وچاویشیان وێنەی ئالای عروبەی بەعسیان نەخشاندبوو، لاوانی کورد بەو ئالا ناشیرین و نەفرەت لێکراوە رەقسی عەرەبیان دەکرد و خۆیان بادەدا و شانازیان پێوە دەکرد و ماچیان دەکرد، حەیف لاوانی کوردی دوای راپەرین هێشتا نازانن ناخۆشی و دەردەسەری گەلی کورد چی بووە! چۆن رۆڵەی کورد گوللە باران کراوە و چۆن ماڵ و گوندی کورد لە ژێر ئەم ئالایە سوتێنراوە و چۆن پیر و لاوو ژن و منداڵی کورد لەژێر ئەم ئالایە کیمیا باران و ئەنفال کراوە!!!.

هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ دەسەڵات و راگەیاندنی کوردی چونکە تا ئێستا میکانیزمێکی ئەوتۆ دانەنراوە بۆ پر کردنی هەستی لاوانی تازە پێگەیشتوو بە بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی، جاران لاوی کورد بە گیرفانی بەتاڵ و جل و پێڵاوی دراو پێشمەرگایەتی دەکرد و بەگژ دوژمن دا دەچووە لاکاتێکدا کە ناوی کوردستان قەستی سەر بوو لای لاوی کورد بەڵام ئەمرۆ لە کوردستانی ئازاددا و لە ژێر سێبەری حکومەتی کوردیدا شانازی بە ئالای قێزەونی بەعسی عروبە بکرێت ئەمە کارەساتە، ئەی کوردایەتیەکەمان چی لێهات؟ عەرەبە فاشیزمەکان تا ئەمرۆش لە دەمیان دەرناچێت و چاویان بەوە هەڵنایەت بڵێن کوردستان تا ئێستاش هەر دەڵێن (شیمال الحبیب) ئەی توخوا کفر نیە ئەوان هیچ حیسابێک بۆ ئێمە ناکەن بەڵام ئیمە بچین ئالا شرِ و قێزەونەکەی لە ناو خاکی پیرۆزی کوردستان راوەشێنین و ماچی بکەین و شانازی پێوە بکەین؟ لە کاتێکدا سەرۆکە دیکتاتۆرەکەی بە چی شێوەیەک گۆرِ بەگۆرِ کرا هەمووومان بینیمان.

هەروەها شتێکی تر کە بە چاو ئەبینرێت ئەو بەرنامە رێژیەی کەناڵە عێراقیەکان بوو کە هاتبوونە ئەو شارانەو راستەوخۆ ئاهەنگەکانیان بە ئالای بەعسی عروبە پەخش دەکرد. لە کاتێکدا هەڵبژاردەی عێراق تەنها هی عەرەب نەبووە بەڵام لە کەناڵە عێراقی و عەرەبیەکان یاری زانەکانی هەڵبژاردەی عێراق شانازیان بە نەتەوەی عەرەبی دەکرد ئەسڵەن باسی کورد نەکرا لەدەمی هەریەکێکیان دەبیسترا کە ئەمە سەرکەوتنی هەموو نەتەوەی عەرەبە نەک هی عێراق کەواتە عەرەبە هاوپەیمانەکانیشمان و یاری زانەکانی هەڵبژاردەی عێراق باوەرِ بە بوونی کورد ناکەن، تەنها عێراق بە موڵکی عەرەب و نەتەوەی عەرەب دەزانن، جا من شانازی چی بەو هەڵبژاردەیە بکەم کە بڵێ ئەمە سەرکەوتنی هەموو نەتەوەی عەرەبە.

پرسیار لێرەدا سەرهەڵ دەدا کە هەستی نەتەوایەتی کوردی لەناو لاوان و گەنجانی کوردی دوای راپەرین لاواز دەبێت و بەرەو نەمان دەچێت، ئەوەی دوێنێ دوژمن بەجەنگ و ماڵوێرانکردن لەگەڵمان پێی نەکرا ئەمرۆ بەناوی برایەتی کورد و عەرەب و هاوپەیمانی لەژێرەوە لەگەڵمان ئەیکات، ئەگەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 22:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

میللەتێکیش هەست و بیری نەتەوایەتی نەمێنێت بە میللەت ناژمێردرێت و کلتورەکەشی لەدەست دەدات.

بۆیە داواکارین لە سەرکردایەتی کورد و دەسەڵات زۆر بەپەلە ئاوڕ لەو مەسەلەیە بدەنەوە و فریا بکەون ئەمە شتێکە لە ناو خۆمان دا هەیە و لە وولاتێکی ترەوە ناهێنرێتە کوردستان، هەرچی زووتر فریای گەنج و لاوەکان بکەوین. ئەی ئەم هەموو ڕێکخراوە جەماوریەی لاوان و قوتابیان و خوێندکاران ڕۆڵیان چیە ئەی ڕاگەیاندنی کوردی ڕۆڵی چییە ئەگەر نەتوانن لاواکانمان لەسەر هەستی نەتەوایەتی ڕابهێنن ووشیاریان بکەنەوە؟ دەبێ هەموو لایەک بەیەکەوە هاوکاری بکەین بۆ ڕاهێنانی لاوەکانمان و ئەم جۆرە ڕووداوانە جارێکی تر لە کوردستان دوبارە نەبێتەوە.

لەگەڵ ڕێزم بۆ گشت لایەک ...

سلێمان پشدەری / لەندەن / 03 .08 .2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.